# ژووان پێنجوێنی، یەکەمی فیستیڤاڵی ئەم ساڵ بوو

رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2-5-2006 رێکخـراوی ئـازادای لاوان. سێیەمین فیستیڤاڵی ساڵانەی خۆی لەژێر ناونیشانی (با بەهرەکانی لاوان سەربەست بپشکوێ) سازدرا. لەو فیستیڤاڵەدا چەندین لاوی بەهرەمەند بەشدارییان تێداکرد.

سێ رۆژی فیستیڤاڵیان بە (شیعرو چیرۆك) رازاندەوە، دوارۆژی فیستیڤاڵیش خەڵات بەسەر سەرکەوتوان دابەشکرا، ژووان پێنجوێنی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەژووان پێنجوێنی بەپێویستمان زانی لەنزیکەوە بیدوێنین‌و چەند پرسیارێکی ئاراستەبکەین.

**پرسیار: رۆژانی فیستیڤاڵ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

وەڵام/ بەتێکڕا میکانیزمێکی باش هەبوو بۆ بەڕێوەچوونی رۆژانی فیستیڤاڵ، دەقە بەشداربووەکان لەهاوسەنگییەکی ئەوتۆدا خوێندرانەوە، ئاستی بڕگەکان بەیەکسانی دابەشکران، بەیەك شێواز پێشکەش کران. بوونی موزیك ئارامی خستەوەو چێژی زیاتری بەئامادەبووان بەخشی، بانگهێشتی شاعیرە میوانەکانیش هەمەڕەنگییەکی دابوو بەفیستیڤاڵ، بەڵام بێ کەم‌و کورتیش نەبوو.

**پرسیار: وەکو یەکەمی فیستیڤاڵ چی بەوانە دەڵێی کە نەیانتوانی خەڵات بەدەست بێنن؟**

وەڵام/ جوانترین خەڵات بۆ شیعر (شیعر) خۆیەتی، دەستنیشان کردنی دەقی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم. هیچ لەبەدەق بوونی شیعرەکانی دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە کەم ناکاتەوە، لەکاتێکدا ئەوانیش قەڵەمیان هەڵگرتووەو نووسیویانە، کاری گرنگ، پرۆسەی نووسین خۆیەتی لەدەرەوەی شەرعیەتی مەوزوعی‌و مەعریفی. کەسانێکی دەرەوەی خۆت لەکاتێك کە تۆ شیعر بۆ عیشق‌و ژیان دۆستی‌و مرۆڤ خۆی دەنووسی نەك بۆ کێبڕکێ، پەلەکوتەو بۆ دەرخستنی شتی تر.

**پرسیار: هەست ناکەی زیادە ڕۆییەك لەنێو لاوان سەری هەڵداوەو بەبێ هیچ بنەمایەك نامیلکەی شیعری بڵاودەکەنەوە؟**

وەڵام/ من پێم وایە شاعیر دەبێ هەڵگری پەیامێك بێ، دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەرکی لە ئەستۆدایەو (نەوەیەك) پەروەردە بکات، بەڵام ئەگەر کەسێك ئەو ئەرکەی بۆ هەڵنەگیرا هەر پەیامێکی هەبێ، ئەوە دەنگێکی کزە، جگەلەوەی تاوانێك دەرهەق بەخۆی‌و شیعر دەکات، خەڵکانێکی تریش فێرە سەدای نزم‌و هەستی لاوازو ڕۆحی بچووك دەکات... ئەو نامیلکەیەی لەهەموو سەرەمانگێکدا، بەشێوەی جیاوازو بەرواری تازەوەو بەقەڵەمی کەسانێك‌و لەسەر دەستی (خزم) بڵاودەکرێنەوە نەك هەر خزمەت بەنووسین‌و ئەدەبی کوردی ناکات، بەڵکو لەئایندەدا، کتێبخانەو ئەدەبی کوردی دەخاتە مەترسیەوە.



**پرسیار: ژووان شیعر بۆ کێ دەنووسی؟**

وەڵام/ بۆ (ئەو)... کە لەدوێنێدا قژی تەڕی کچێك بوو، ئەمڕۆ باران خۆیەتی‌و بەیانی دەبێتە عەشق...

**پرسیار: ماوەی چەندە شیعر دەنووسی**

وەڵام/ دیاری کردنی شیعری رەنگە نووسینی یەکەم تێکست نەبێت، بەڵام دەمەوێت بڵێم لەساڵی (2002) و دواتردا دەقەکانم بڵاوکردنەوەو لەفیستیڤاڵ‌و بۆنەکاندا خوێندمنەوە.

**پرسیار: شیعر چی پێ بەخشیوی؟**

وەڵام/ شیعر زمانێکی تری پێبەخشیم، عەشقێکیش کە هەمیشە ناهێڵێ گەڵا وەك گەڵاو باران وەك باران‌و شیعر وەك شیعر ببینم، بەڵکو بۆ هەر رەنگێك زیاتر لەسێبەرێك‌و بۆ هەر خەیاڵێك زیاتر لەرەنگێکی دامێ.

**دیدار_ فۆتۆ / رۆژگارمحسین**

---

# شاعیرانی جیهان کۆنگرەی خۆیان بەرێوەدەبەن

بەگوێرەی هەواڵەکان بریاروایە 2007/9/23 شاعیرانی جیهان کۆنگرەی خۆیان لەشاری پاریس‌و لە ژێر چاودێری شاعیری ناسراوی فەرەنسا (ئیڤان تیتیل پام) بەرێوەببەن. شاعیرانی وڵاتانی ئەڵمانیا، ئەرژەنتین، ئوستراليا،پۆلیڤیا، بەرازیل، چیلی، کەنەدا، کۆلۆمبیا، کۆستاریکا، کوبا، سلڤادۆر، فەرەنسا، پیرۆ، هایتی، پورتگال، پۆرتیکۆ، سویسرا، ئەرەگوای‌و فەنزویلا بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکەن. ئەوەی زانراوە (یوسف رەزوقە) شاعیرو وەرگێری عەرەب بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەشیعری شاعیرانی جیهانی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، وەك نوێنەری جیهانی عەرەب لەو کۆنگرەیەدا بانگهێشت دەکرێ. ئەوکۆنگرەیە بەهاوکاری لەنێوان یەکێتی نووسەرانی چیلی‌و یۆنسکۆ سازدەکرێ، سەرۆکی شاعیرانی جیهان پێشنیاری ئەوەی کردووە کە دووەمین کۆنگرەی جیهان لەیەکێ لەوڵاتانی عەرەبی بەرێوە بچێ

---

# خاڵۆ ئەولکس دەڵێ

* کابینەکەی حکومەتی چین بەسەرۆکی وڵاتیشەوە لە 40 ئەندام پێکهاتووەو فەرمانڕەوایی بەسەر یەك ملیاردو 600 ملیۆن مرۆڤدا دەکات، بەڵام کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ 5 ملیۆن مرۆڤ، بێجگە لەسەرۆکی هەرێم‌و جێگرەکەی، 42 ئەندامی هەیە!!.

* بەرپرسێك گوتبووی: پێم سەیرە هەندێ کەس‌و لایەن دەڵێن حکومەتی یەکگرتوو، حکومەتی ئیئتیلاف!!. حکومەت بەتەنیا هی حزبەکەی خۆمانە.

* یەکێکی ئەورووپانشین بۆ وەرگرتنی پۆستێکی باڵا وازی لەرەخنەگرتن لەدەستەڵاتداران هێنابوو، بەپەلە خۆی گەیاندبۆوە کوردستان‌و خۆشە خۆشە ماستاوی بۆ دەستەڵات سارد دەکردەوە، بەڵام کاتێ تێگەیشت هیچی پێنادەن، بە تووڕەبوونەوە بەرەو ئەورووپا گەڕایەوە، خوا دەزانێ ئەمجارەیان چۆن دەستەڵات دەکوتێ؟!.

* سکرتێرێك بە تەلەفۆن ئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکەی خۆی دەردەکرد، کەچی ساڵێکی نەخایاند ئەو سیاسەتە قاپی خۆشی گرتەوە، هەر ئاگاشی لێنەبوو، لەکۆبوونەوەیەکدا لادراو سزای شەش مانگ هەڵپەساردنی بەسەردا سەپێنرا، لەرێگەی راگەیاندنەوە ئاگاداربۆوە کە لادراوە!!.

* داوا لەسەرۆك جاشێکی بەشدار لەشاڵاوی ئەنفالدا کرابوو کە بچێ لەدژی عەلی حەسەن مەجیدو سەدام شایەتی بدات، بەڵام ئەو گوتبووی: وەڵڵا قسەی ئێمە نایخوات چونکە ئەوانیش دەزانن کە ئێمە ئەوکاتە لەرێکخستن کارمان دەکردو دواتریش سەرکردایەتی شانە چەکدارەکانمان کردووە!!.

---

# فەریدە، گۆرانیبێژی خەڵك دۆست



فەریدە لەشاری تاران لەدایك بووە، نۆبەرەی دایك‌و باوکیەتی، 2 خوشك‌و برایێکی هەیە. تەمەنی تەنیا 12 ساڵان بوو کە بنەماڵەکەیان ئێرانیان بەجێهێشتوو بەرەو ئەمریکا رۆیشتن. لەوێ بەشی فسیۆلۆژی لەزانکۆ تەواو کردووە. دانیشتووی شاری نیۆیۆرکە. مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی‌و خەڵك دۆستە. حەز دەکات لەشایی‌و ئاهەنگی خەڵکیدا بەشداریان لەگەڵدا بکات، گۆرانیان بۆ بچڕێ‌و سەمایان بۆ بکات. زۆر حەز لەیاری تۆپی پێ دەکات. تاکە گۆرانیبێژێکی ئێرانیە کە ئەکادیمیای سەربازی نیۆیۆرك بانگهێشتی کردبێ تا کۆنسێرتیان بۆ سازبکات. چەندین ئەلبوومی تۆمارکراوی هەیە، لەخۆ ئامادەکردن دایە بۆ تۆمارکردنی نوێترین ئەلبوومی خۆی کە لەوانەیە لە کۆتایی ئەمساڵدا بکەوێتە بازاڕەوە.

---

# سوێد باشترین نیشتیمانە بۆ لەدایك بوون



رێکخراوی خێرخوازی رزگارکەریی منداڵ لەراپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ساڵانە زیاتر لە 2 ملیۆن منداڵ بەر لەوەی 24 کاژێر تەمەن بکەن، ماڵئاوایی لەژیان دەکەن‌و دەمرن. ناخۆشترین چرکەسات بۆ منداڵ ئەو کاتەیە کە لەدایکی دادەبڕێ‌و دێتە دنیاوە. لەیەکەم چرکەدا دووچاری بێبەزەیی، ناخۆشی، دەردەسەری‌و بەدخۆراکی دەبێتەوە. هۆکاری سەرەکی مردنی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ بایەخنەدان بە کاتی لەدایکبوون، پیسی ئاوو هەوا، نەخۆشی، لاوازی، کەم دەرمانی‌و دەیان شتی دیکە. هەر بەگوێرەی راپۆرتی ئەو رێکخراوەیە سوێد باشترین شوێن‌و ئارامترین نیشتیمانە بۆ لەدایك بوون، وڵاتانی دیکەی ئەسکەناڤیا بە پلەی دووەم دێن. وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا، بەتایبەتیش نێجیریا نالەبارترین شوێنە بۆ لەدایك بوون. زۆربەی ئەوانەی لە کیشوەری ئەفریقا لەدایك دەبن لەچرکەساتی بوونیانەوە رووبەرووی کارەساتی ترسناکی مرۆیی‌و لەنێوچوون دەبنەوە.

ئا/ شەرمین عەباس

---



ئاسۆیی

جەبار سابیر

# ئەوماستە مووەکی تێدایە

لەم رۆژانەی پێشوودا هەواڵێکی ترسناك‌و لەهەمانکاتدا سەیرو سەمەرە بڵاوبۆوە، ئەویش راکردنی پێنج ریش گۆرەوی تیرۆرست لەقەڵای پڕ لەبەڵای (سوسێ)وە، ئیتر خودا دەیزانێ بەرەو کوێ چوون‌و ئێستا لەکوێ سەروپێ‌و چای دیشلەمە نۆشی گیان دەکەن. واتا پێنج لەو تاوانبارانەی ناوەڕاست‌و باشوری عێراقییان هێناوەتە زەلزەلەو کردویانەتە دۆزەخ لەو قەڵاسەخت‌و عاسییەی دەستکردی دیکتاتۆر هەڵاتوون. ئەو قەڵایە چەندی لەزەوییەوە بەرەو ئاسمان هەڵچووە ئەوەندەشی لەژێر خاکدایە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە راکردن‌و هەڵاتن لەو قەڵایە ئەوەندە کارێکی دژوارە کەئیتر بواری بیرلێکردنەوەی هەرنییە. بەڵام کە هەواڵێکی لەو جۆرە راماندەچڵەکێنێ دەبێت بپرسین ئەو تیرۆرستانە چۆن هەڵاتن؟ لەکاتێکدا جگەلەو هەموو پێشمەرگە پاسەوانە سەدان سەربازو تانکی ئەمریکی پاسەوانی قەڵاکەن‌و دەوری قەڵاکەش هەر هەمووی بەتەلی دڕکاوی گیراوە.

لێرەوە گومان دەکرێت کەئەو تیرۆرستانە چاو ساغێکیان هەبووە وەکی (برێی ئەم ماستە مووەکی تێدابێت) چونکە هەر لەم رۆژانەدا لەناحییەی (بەنی سەعدی) بەعقوبەش لەکاتی گواستنەوەی سی‌و شەش(36) تیرۆرستدا کە هێزەکانی پۆلیسی عێراق گرتبوونی حەفت(7) تیرۆرستیان توانیان خۆیان دەربازکەن‌و بچنەوە ناوتیرۆرستەکانی تر کەهاتبوونە سەر رێگەی هێزەکانی ئەمریکا. تۆبڵێی ئەمریکا نەیەوێ ئارامی ئەم ناوچەیەش بشێوێنێ‌و خەمی نەوت‌و غازو تەواوی شتەکانیتر لەبیر خەڵك بەرێتەوەو خەمی تیرۆرستانمان بەسەرا بدات‌و ترسێکی گەورە لەدڵی خەڵکدا بچێنێت. چەند مانگێك پێش ئێستاش لەناوچەی (بان مەقان)ی کەرکوك خەڵك بینیبوی کە کۆپتەرەکانی ئەمریکا فەردەیان فڕێداوەتە خواری‌و دوایی دەرکەوتووە تەقەمەنی بووە بۆ تیرۆرستەکانیان هەڵداوەو کاتێکیش خەڵك چوونەتەسەر شوێنەکە بینیویانە دەبڵ کابینەیەك باریکردووەو لێیداوە رۆییوەو نەش هێڵراوە خەڵك لەڕاستییەکان بزانێت‌و دوو حکومەتی کوردیش روونکردنەوەیان نەدایە خەڵك.

دیسانەوە دەکرێ بپرسین ئەرێ بەڕاست لەگەرمەی شەڕەکانی ناوخۆدا بۆ رۆژێك نەمان بیست گیراوێکی یەکێتی یاخود پارتی لەناو زیندانەکانی ئەو دوو حزبە هەڵبێت.؟ بۆ نەمانبیست زیندانێك بڕوخێت‌و گیراوەکانی راکەن؟ بۆ نەمانبیست لەکاتی گواستنەوەی گیراوی لایەنی نەیاردا حزبەکەی تر بچنە سەر رێگەیان‌و گیراوەکانیان ئازادکەن؟ ئەمانەو دەیان گومان‌و پرسیاریتر لەوەی کەڕاکردن‌و دەربازبوونی ئەو پێنج تیرۆرستە لەو قەڵا سەختە بێ مەلامەت نییەو خەڵکیش هەقی خۆیەتی بترسێت‌و بشپرسێت چونکە ئەم خەڵکە ئەوەندەی گرفت‌و خەم کەمنییە ئەوەیشی بێتەسەرو شەو بەئیسراحەت خەوی لێنەکەوێت.

*jabardllopa@yahoo.com*